www.kurdistannet.org

**بةكا**تي **ناوةندي ئةوروثا**1:16 1-6-2005

# دادطايي كردني دكتؤر روئيا تلوعي دواكةوت

بڕیار بوو ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی نۆی جۆزەردان دیسان دوکتۆر ڕوئیا تلوعی لە لقی چواری دادگای سنە ئامادە بێتەوە. هەر بەم هۆیە خاتوو ڕوئیا لەگەڵ وەکیلی دووەمی بە نێوی خانمی ستوودە لە دادگا ئامادە بوو، بەلام بە هۆی ئامادە نەبوونی قازی دانیشتنی دادگاکەی دواکەوت. شایانی باسە دادگایی کردنی خانمی کەبوودوەندیش هەر بە هەمان شێوە دواکەوتبوو. دیارە بەرپرسانی پارێزگای کوردستان لە ماوەی نزیک بە هەڵبژاردنەکانی سوورۆک کۆماردا بە ئانقەست دادگاکان دوا دەخەن تا جارێ کێشەی لێ ساز نەبێ.

دوکتۆر ڕوئیا بە شوێن شکایەتی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامی سنەوە بانگهێشتی دادگا کراوە و دوو خاتوونی چالاکی بزاڤی ژنانی ئێران وەکالەتیان قبووڵ کردوە.